# تاوانەکانی مامەند قەشقە لەنێوان نادادپەروەریی دادگا و بێوەفایی کوردستانی نوێدا



دووشەممە 20.2.2012
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

## مامەند قەشقە:

کەس نییە لەسەر ئاستی شار و پارێزگای هەولێر و بگرە سەرانسەری باشووری کوردستان ئاشنا نەبێت بە ناوی مامەند ساڵح مەولود قەشقەیی (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (113)ی سەر بە ئەمنی هەولێر و کرێگرتەیی، خۆفرۆشی و تاوانەکانی ئەو کۆنە جاشە.

مامەند قەشقە، سەرەتا کرێکاری فەرمانگەی کشتوکاڵی هەولێر بوو، بەڵام لەبەر دڵسۆزی خۆی بۆ بەعس و دوژمنایەتی کردنی نەتەوەی کورد و پێشمەرگە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چەکی خیانەتی کردە شان و دوای بەشداری کردنی دەیان شەڕ لەدژی پێشمەرگە و بەگرتدانی دەیان کەسی بێتاوان، کرا بە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (113)ی جاش.

حاجی شەوکەت لەتیف خدر قەشقەیی، جێگری فەرماندەی مەفرەزەی مامەند قەشقە کە هەردووکیان خەڵکی یەک گوندن.

## بەشێک لە تاوانەکانی مامەند قەشقە:

ئەوانەی مامەند قەشقە بناسن، ئەوەش دەزانن کە ناوبراو یەکێکە لە جاشە تاوانبارە هەرە دڕندەکانی شاری هەولێر و یەکێک بووە لە کورە هەرە دڵسۆز و بەوەفاکانی بەعس و سەدامی گۆڕبەگۆڕ. بۆ ئاشنا بوون بە تاوانەکانی مامەند قەشقە، وا لێرەدا ئاماژە بە بەشێک لە تاوانەکانی ئەو دەدەم کە بۆ من ناسراون:

1. مامەند مەولود ساڵح قەشقە و بورهان قۆڕیتانی جاشی مەفرەزە خاسە لەگەڵ هێزێکی زۆری ئەمنی هەولێر، لە ڕێکەوتی (19.3.1986)دا لە گوندی قۆڕیتانی شەمامک چوونە سەر پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی ڕۆستەم عومەر مەولود باپیر قۆڕیتانی کە پێشمەرگە بوو لای خدر سوارە و بە بریندراری دەستگیریان کرد. ڕۆستەم عومەر، برای پێشمەرگەی ناسراو سلێمان عومەر قۆڕیتانی ناسراو بە (سولە قۆڕیتانی) فەرماندەی کەرت لە تیپی (87)ی قەرەچوغ بوو، کە دواتر لە ڕێکەوتی (22.2.1988)دا لە نزیک شاری موسڵ لەناو ئۆتۆمۆبێلێکی مین ڕێژکراودا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی جەودەت حەسەن بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلەکە شەهید بوون. ڕۆستەم عومەر مەولود، لە ئەمنە کۆنەکەی هەولێر (ئەمنی نزیک چایخانەی بایز) لە ژوورێکی بەرامبەر بە ئێمەدا بوو. ڕۆستەم عومەر مەولود، لە دادگای شۆڕشی بەعس سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و لە ڕێکەوتی (25.6.1987)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە درا.
2. مامەند قەشقە، دوو جار مام ڕەحمان قەشقە (ڕەحمان حەمەد تەها)ی لە ئەمنی هەولێر بەگرت داوە، جاری یەکەم لە مانگی تەموزی ساڵی (1986)دا کە دوای نزیکەی پێنج مانگ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان لە مانگی یانزەی هەمان ساڵدا ئازادکرا. جاری دووەمیش لە مانگی دووی ساڵی (1988) مامەند قەشقە لەگەڵ قاسم ڕەشید خدر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (21) و ڕائید عەبدولسەلام ئەلعەناس موسڵاوی یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر (مام ڕەحمان قەشقە)یان دەستگیر کرد، کە تاوەکو (14.9.1988) لە زیندانی ئەمنی هەولێر مایەوە. لە هەردوو جارەکەدا ئەمنی هەولێر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ مام ڕەحمان قەشقە لەسەر ئەوە کردبوو کە گوایە خۆی سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و برایەکیشی بەناوی جوامێر پێشمەرگەی (ی. ن. ک.)ە. مام ڕەحمان قەشقە، ئامادەیە بێتە دادگا و ئەو شایەتیە بدات.

3. مامەند قەشقە، لە مانگی ئابی ساڵی (1986)دا هەریەک لە دایک و باوک و برایەکی بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر (شەهید شوان قەشقە)، کارگێڕی ڕێکخراوی دووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە مەڵبەندی سێی ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەناوەکانی کافیە جوکل عەلی و حەمەد ساڵح نادر و جهانگیر حەمەد ساڵح دەستگیر کرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کردن، کە دواتر هەرسێکیان لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1988)دا بەر لێبووردنی گشتیی ژمارە (736-737)ی ڕۆژی (6.9.1988) کەوتن و لە کۆتایی هەمان مانگدا ئازادکران. شەهید شوان، دواتر لە هێرشی تیرۆرستانی ئیسلامی لە ڕێکەوتی (1.2.2004)دا بۆ سەر مەڵبەندی سێی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید بوو.
4. مامەند قەشقە لە ساڵی (1986)دا ئەنوەر سادق نادر قەشقە (حاجی ئەنوەری کێخوا سادق) و بێری حەسەن عەبدوڵلا (عەبیل) کە باوک و دایکی کامەران قەشقەن دەستگیرکرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کردن، لەبەرئەوەی کامەران قەشقەیی کوڕیان فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە. باوکی کامەران بۆ ماوەی نۆ مانگ و دایکیشی بۆ ماوەی شەش مانگ لە ئەمن دەست بەسەر بوون. کامەران ئەنوەر سادق قەشقە، ئامادەیە بەهۆی تەلەفۆن یان ڤیدیۆ کۆنفرانس خاڵی چوارەم بۆ دادگا ڕوونکاتەوە، بەڵام نایەوێت ئامادەی دادگای هەولێر بێت لەبەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە.
5. جاشەکانی مامەند قەشقە، لە ساڵی (1987)دا لە فلکەی گەڕەکی زراعەی هەولێر، کەسێکیان کوشت بەناوی عوسمان ئاغا (ئەو زانیارییەم بە تەلەفۆن لە کۆنە جاشێکی مامەند قەشقە وەرگرتووە).
6. مامەند قەشقە و نایف مەحمود کەریم بڵباس فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (80) و جاشەکانیان لە مانگی یەکی ساڵی (1988)دا نزیکەی (40) کەسیان لە بنەماڵەی پێشمەرگەی تێکۆشەر و دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەیوب یوسف سەعید دەستگیر کرد لەنێویاندا هاوسەر و سێ کچی شەهید جوامێر (یاسین سەعید جوامێر)، فەرماندەی تیپی (91)ی سەفین کە لە ڕێکەوتی (26.6.1987)دا لە گوندی نازەنینی خۆشناوەتی لەگەڵ شەش پێشمەرگەی دیکە بە بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس شەهید ببوو. هەر جاشەکانی ئەو دوو مەفرەزەیە، مەفرەزەکانی مامەند مەولود ساڵح (مامەند قەشقە) و نایف مەحمود کەریم بڵباس هەرچی زێر، پارە و شتی بەنرخ هەبووە لە ماڵی باوکی ئەیوب یوسف، شەهید جوامێری مامی و بنەماڵەی ئەیوب یوسف هەیە بردبوویان و تۆپ و کلیلیان خستبووە سەر دەرگای ماڵەکانیان؛ سەرچاوە: (گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەیوب یوسف سەعید، کاتژمێری (11:19:56-11:27:03)، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی 28.1.2012). تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوب یوسف، لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1988) بەگوێرەی بڕیاری لێبوردنی گشتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس، ژمارە (736)ی ڕێکەوتی (6.9.1988) ئازادکران. پێشمەرگەی دێرین ئەیوب یوسف سەعید، ئامادەیی خۆی و بنەماڵەکەی نیشاندا بۆ شایەتیدان لە هەر دادگایەک لەدژی مامەند قەشقە.
7. مامەند قەشقە، لەکاتی ئەنفالکردنی دانیشتوانی دەشتەکانی هەولێر و کۆیە بەتایبەت گوندەکانی شارۆچکەی تەقتەق (32) کەس کە خەڵکی گوندەکانی بەردەسپی، سێکانی، کانی سلێمان و نێرەگین بوون لەپێناوی خۆشاردەنەوەیان پەنایان بردبوو بۆ شارۆچکەی قوشتەپە، کەچی هەموویان بەدەستی ناوبراو گیران و ڕادەستی ئەمنی هەولێر کران. ئەنفال کردنی دانیشتوانی گوندەکانی بەردەسپی، کانی سلێمان، سێکانی و نێرەگین دەکاتە ئەنفالی چوار. مامەند قەشقە، لەو (32) کەسەدا یانزە کەسی هەر یەکە لە بەرامبەر (500) دیناری ئەوکاتە ئازاد کرد لەبەرئەوەی بەهۆی ژن و ژنخوازی تێکەڵ بە خەڵکی گوندەکەی خۆی (قەشقە) ببوون و کەسانێک هانایان بۆ مامەند قەشقە بردبوو کە کاریگەرییان بەسەر ئەودا هەبووە، ناوەکانیش ئەمانەن: (گوڵێ فەقێ حەسەن عەبدوڵلا قەشقە، جومعە محەمەد نوری بەردەسپی (کوڕی گوڵێ)، خوناو محەمەد نوری بەردەسپی (کچی گوڵێ)، بەفراو محەمەد نوری بەردەسپی (کچی گوڵێ)، هەژار محەمەد نوری بەردەسپی (کوڕی گوڵێ)، نوری عەبدولڕەحمان بەردەسپی (خەزووری گوڵێ)، میم سەوزە بەردەسپی

(خەسووی گوڵێ) لەگەڵ سێ منداڵیان بە ناوەکانی پشتیوان نوری عەبدولڕەحمان بەردەسپی، وریا نوری عەبدولڕەحمان بەردەسپی، دیمەن نوری عەبدولڕەحمان بەردەسپی). داواکارم بەتایبەت لە بنەماڵەی ئەنفال کراوەکان یان هەرکەسێک ناوی ئەنفال کراوەکانی گوندەکانی بەردەسپی، سێکانی، کانی سلێمان و نێرەگین دەزانێت کە بەدەستی مامەند قەشقە گیراون بۆمیان بنێرێت. خالید فەقێ حەسەن عەبدوڵڵا (ئاسۆ قەشقە)، ئامادەیە بێتە دادگا و ئەو تاوانەی ناوبراو بسەلمێنێ.

8. هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی مامەند ساڵح مەولود (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر، بەشیر بارزانی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجە سووکەکان، دێدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دێدەوان جەلال پیربال، فەرماندەی مەفرەزەی (186)ی سەر بە ئەمنی هەولێر، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی (قەراج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی هەولێر، عەلی ئاوماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر و عومەر محەمەدئەمین سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (47)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، لە بۆسەیەکی هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەد شوانی (ئامۆزای شەهید عەریف ئەکرەم) و حاتەم سەعید عەلی عەوێنەیی کە هەردووکیان پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ بوون، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون بەناوەکانی (خاسیە ساڵح ئەمین عەوێنەیی) دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی عوێنەیی و (کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری) پوری پێشمەرگەی قارەمان عەلی مەخموری و بریندارbوونی هەریەک لە سەباح حەسەن، خەدیجە سلێمان و کافیە حوسێن عەبدوڵڵای خوشکی شەهید فاقە مەخموری و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری کە ئەو دوو ژنەش کەسوکاری پێشمەرگەن.

9. مامەند ساڵح مەولود (مامەند قەشقە)، بەشداری ئەنفالی (4)ی کردووە. مامەند قەشقە، بەشداری ئەنفالکردنی دەشتی هەولێری کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (4)، سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا هەڵەیەک لەکاتی وەرگرتنی زانیارییەکان و گواستنەوەیاندا لەلایەنی منەوە ڕوویداوە، هەڵەکەش ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی بنووسم (مامەند قەشقە بەشداری ئەنفالی دەشتی هەولێر کە دەکاتە ئەنفالی چواری کردووە؛ سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242)، نووسیومە (مامەند قەشقە بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ و نەوجولی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242). بەهۆی ئەو هەڵەوە 1. داوای لێبووردن لە نووسەری پەرتووکی تونی مەرگ (زیاد عەبدولڕەحمان) دەکەم، کە ئەوەی عەزیز فەتاح حەسەن–م گواستۆتەوە کە بەشداری ئەنفالی تیلەکۆ و نەوجولی کردووە و ناوەکەی کەوتۆتە ژێر ناوی مامەند قەشقەوە. 2. گرنگ ئەوەیە کە لە سەرچاوەی ناوبراودا ناوی مامەند قەشقە وەکو کەسێکی بەشدار لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفال هاتووە و هیچ جیاوازییەکیش لەوەدا نابینم ئەگەر ئەو بەشداری ئەنفالی سێ یان چواری کردبێت، چونکە ئەو بەگوێرەی پەرتووکی (تونی مەرگ) بەشداری ئەنفالی کردووە. ئەگەر دادگای پارتی هەولێر و محەمەد مستەفا مەحمود کەرکوکی وەکو ئەرکی خۆیان سەیرێکی پەرتووکی (تونی مەرگی)یان بکردایە کە من وەکو سەرچاوە بەکارم هێناوە، بەدڵنیایی پێویستی بەوە نەدەکرد بانگ بکرێم بۆ دادگا، بەڵام وەکو پێشینان دەڵێن: (ئەم ماستە موویەکی تێدایە)! باوەڕتان هەبێت بەگوێرەی زانیارییەکانی خۆم ئەم ماستە گوریسێکیشی تێدایە نەک تەنیا موویەک!!

10. له ڕۆژی (6.3.1991)دا خۆنیشاندانێک له بازاڕی شێخەڵڵا لەدژی ڕژێمی سەدام دەستیپێکرد که خۆم یەکێک بووم له بەشدارانی خۆنیشاندانەکە. لەو ڕۆژەدا بەچاوی خۆم مامەند قەشقە و جاشەکانیم بینی که بەناو شێخەڵڵادا هاتن و بەرەو پردی سەیداوە و ناو گەڕەکی سەیداوە ڕۆیشتن. خۆم نەمبینی مامەند قەشقە و جاشەکانی تەقە له کەس بکەن، لەبەرئەوەی من لەسەر پردی سەیداوە لەپێناوی داخستنی دەرگای دوکانەکەم گەڕامە و له گەڕانەوەمدا تووشی پیکابی جاشەکانی مامەند قەشقە بووم که بەرەو سەیداوە دەڕۆیشتن. وەلێ بەرلەوەی ئەوان بگەنە لای شوێنەکە تەقە له خۆنیشاندەران کرا که دواتر دەرکەوت قاسم ڕەشید خدری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (21) و جاشەکانی ئەو بووینە تەقەیان کردووە. جا ئەوە نازانم لەناو سەیداوە یان سێتاقان که خۆنیشاندانەکە لەو دوو گەڕەکەدا کۆتایی پێهات، مامەند قەشقە و جاشەکانی تەقەیان له کەس کردووە یان نا، که مامەند و جاشەکانی بەدوای خۆنیشاندەران چوون بۆ سەیداوە و سێتاقان!
11. مامەند قەشقە، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ی باشووری کوردستان چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کرایە بەرپرسێکی سەربازی پارتی و هەموو خەڵکی هەولێر دەزانن که ئەو کۆنە مەفرەزە خاسەی بەعس چ ڕۆڵێکی خراپی هەبوو له خۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی و ئازاردان و کوشتنی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەر بۆ نموونە، مامەند قەشقە و جاشەکانی له کاتژمێری (3)ی ڕێکەوتی (11.5.1994)دا چوونە سەر کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی (ی. ن. ک.) و بەرپرسی کۆمیتەکە عەبدوڵڵا قادر شەریف ئۆمەراوەیی (عەبدوڵڵای مەلا قادر)یان بریندارکرد که ڕۆژی دواتر واتە ڕێکەوتی (12.5.1994) له کاتژمێری (5)ی بەرەبەیاندا شەهید بوو.
12. مامەند قەشقە، هەر له ساڵی (1994)دا دوو هاووڵاتی بێتاوانی شاری هەولێری له گەڕەکی مەهاباد نزیک جادەی سەتی تەنیا لەبەرئەوەی جلی سەوزیان لەبەربوو شەهیدکرد. داواکارم بنەماڵەی ئەو دوو شەهیدە یان ئەوانەی زانیاری تەواویان لەسەر ئەو تاوانە هەیە، ناوی سیانی و ڕۆژی شەهیدبوونی ئەو دوو هاووڵاتیەم بۆ بنێرن.

مامەند ساڵح مەولود قەشقە، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (113)ی جاش، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی له شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (281)ی له لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ. له فەرمانی دەستگیرکردنەکەی باڵای تاوانەکانی ئێراق و پەرتووکی (تونی مەرگ)ی زیاد عەبدولڕەحمان، بەهەڵە ناوی مامەند مەولود ساڵح (مامەند قەشقە) وەکو سەرۆکجاشی فەوج هاتووە که له ڕاستیدا ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە خاسەی سوپەر جاشی سەدام و بەعس بووە.

## ناسەربەخۆیی و نادادپەروەریی دادگای هەولێر:

دەڵێن له کوردستان یاسا سەروەرە و یاسا له سەرووی هەموو کەسێکدایە، بەڵام تەواو پێچەوانەی ئەو قسەیە ڕاستە. ئاخر ئەگەر یاسا سەروەر بوایە دەبوایە بکوژی ئەو (10) خۆنیشاندەرەی (17)ی شوباتی ساڵی (2011)ی سلێمانی و دەوروبەری نەک ڕادەستی دادگا بکرانایە بەڵکو ئێستاکە دەمێک بوو بڕیار لەسەر بێتاوانی یان تاوانبارێتی بکوژەکانیان دەرچووبایە! ڕادەست نەکردنی بکوژەکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەک ناسەروەریی یاسا دەسەلمێنێت، بەڵکو ناسەربەخۆیی، نادادپەروەریی و بێهێزی دەسەڵاتی دادگای کوردستان دەسەلمێنێت. دادگایی کردنی برایمی کاکەحەمە و له هەمان کاتدا شاردنەوەی هیوای ئەحمەد مستەفاو بکوژەکانی تری خۆنیشاندەران نادادپەروەریی یاسا و ناسەروەریی دادگاکانی کوردستان دەسەلمێنێت. خۆم لەگەڵ

دادگایی کردنی تەواوی تۆمەتباران دام ئەوانەی خۆنیشاندەران و بەوانەش کە پۆلیسیان شەهیدکردووە، هەتا برایمی کاکەحەمەش ئەگەر تاوانێکی کردبێ یان هاندەر بوو بێت بۆ هەر تاوانێک.
ئاخر مرۆڤ چۆن گومانی لە سەربەخۆیی، دادپەروەریی و بێلایەنی دادگاکانی کوردستان و بەتایبەت هەولێر و دهۆک نەبێت کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە دەیان بارەگای گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک تالان کران و سووتێنران، بەبێ ئەوەی کەسێک دەستگیر بکرێت یان سزا بدرێت سەرەڕای هەبوونی دەیان کلیپی ڤیدیۆ کە تۆمەتباران دەناسرێن!
بۆ زانیاری هەموو لایەکیش چەندە دژی دەسەڵاتی گەندەڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم، دەیان قات لەوە زۆرتر دژی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامیم و بەهیچ شێوەیەک بە باشتریان نابینم لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بەتایبەت حزبە ئیسلامییەکان کە نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە هیچ کونجێکی ئەو جیهانەدا حەزناکەم دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام ئەوانەی لەسەرەوەدا باسم کردوون ڕاستین و پێویستیشە هەردەم ڕاستییەکان بگوترێن هەتا ئەگەر مرۆڤ خۆشیشی بە لایەنی ستەملێکراو نەیەت.
ئەوانەی پارتین، گومانیان لە دادپەروەریی دادگاکانی سلێمانی و ناوچەکانی تری ژێردەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەیە، بەپێچەوانەش یەکێتیی و لایەنەکانی تر گومانیان لە داگاکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک هەیە، ئۆپۆزسیۆنیش لە تەواوی دادگاکانی کوردستان. بۆ ڕاستی قسەکەم فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی پەیامی ئیسلامییەکان بەئاشکرا گوتی: (ئێمە وەکو پارتی باوەڕمان بەو دادوەرانەی سلێمانی نییە کە دۆسیەکەی هیوا ئەحمەد مستەفایان لایە، چونکە ئەوان مادەیەکی زۆر قورسیان بۆ ئەو داناوە، کەچی مادەی سووکیان بۆ خۆنیشاندەران داناوە. هەر بۆیە هیوا ڕادەست ناکەین تا لیژنەیەکی دادوەری بێلایەن لە دەرەوەی سلێمانی نەهێنرێت لەپێناوی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی خۆنیشاندەران).
مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لە بەشی دووەمی دیمانەکەی لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (کەی. ئێن. ئێن)دا لە ئێوارەی (15.2.2012)دا ناڕاستەوخۆ و بە پێچوپەنا گومانەکانی فازیل میرانی لە دادگای سلێمانی پشتڕاست کردەوە.
باشە کە دادگاکانی کوردستان بەمشێوەیە بن، بۆ گومانم لە سەربەخۆیی، بێلایەنی و دادپەروەریی دادگاکان و سەروەری یاسا نەبێت لە کوردستان، لەکاتێکدا کە تۆمەتبارێکی وەکو مامەند قەشقە سەرەڕای ئەوەی کە فەرمانی دەستگیر کردنی هەبێت بە تۆمەتی بەشداری کردنی لە شاڵاوی ئەنفال، کەچی لە دادگای هەولێردا سکاڵا لەدژی من تۆمار بکات بەتۆمەتی ئەوەی گوایە هەولێ ناوزڕاندنیم داوە!! ئەو یەک دوو برادەرەی لە فەیسبووک بۆیان نووسیبووم ناهەقیان نییە کە نووسیویانە: (ئەوەی تۆ هەر هیچ نیە، تا سەر بمێنیّ عاجباتیان دەبینیّ).

## نامەیەک بۆ دادگاکەی پارتی ناوچەی هەولێر:

با دادگای پارتی دیموکراتی کوردستان و دادوەری پارتی محەمەد مستەفا مەحمود کەرکوکی ئەوە باش بزانن کە ئامادەی دادگا نابم و زۆریش لێیان بێمنەتم، بۆیە با لەوە زیاتر چاوەڕێی گەڕانەوەم نەکەن و لە ئامادەنەبوونمدا بڕیاری خۆیان بدەن و چاوەڕێی بڕیارەکەیانم کە بە فەرمی بۆ ئیمێیڵەکەمی بنێرن.
بەڵام پاش بڕیاردانی ئەوان، منیش وەکو هاووڵاتییەکی دانمارکی ڕێوشوێنی پێویست و چەند هەنگاوێک دەگرمەبەر کە دڵنیام لە کۆتاییدا نەک ئەوان دۆڕاو دەردەچن، بەڵکو دەبنە هۆکاری زۆرتر سووککردن و لەکەدارکردنی دادپەروەری لە کوردستان و ناوزڕاندنی کورد و کوردستان. با باشیش بزانن ئەو لەکەدار کردنەی دادگا و کورد کوردستان هۆکارەکەی دادگای هەولێر، محەمەد مستەفا مەحمود و پارتین کە لەپێناوی کۆنە جاشێکی وەکو مامەند قەشقە ئەو شورەییە بەسەر کورددا دەهێنن!

دادگای هەولێر و محەمەد مستەفا مەحمود بەو ڕێوشوێنەی لەدژی من گرتیانە بەر زۆر خۆیان بچووک دەکەنەوە و خۆیان لەپشت مامەند قەشقە دەشارنەوە. ڕێک ئەو دادگایی کردنە وەکو کێشەی خۆم و هەڕەشەکانی خالیدی خولەسوور دەبینم، کە دواتر داوام لە ناجی محەمەد پیرداود (کاردۆ)ی سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ ئەوەی داوا لە سەرکردایەتی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بکات بەلای کەمەوە ئەگەر هەڵوێستیان نەبێت با ڕوونکردنەوەیەک بدەن لەسەر هەڕەشەکانی ناوبراو. سەرەتا کاردۆ قسەی زل زلی زۆری کرد و بەڵێنیدا کە قسە لەگەڵ سەرکردایەتی دەکات و وەڵامم دەداتەوە. بەڵام دوای ماوەیەکی زۆری بێدەنگی ئەو، ڕۆژێک تەلەفۆنم بۆ کاردۆ کرد، وەلێ وەڵامی نەبوو. هەر ئەو ڕۆژە و چەندین ڕۆژی دواتر نزیکەی (25–30) جار تەلەفۆنم کردەوە، کەچی هەر وەڵامی نەبوو! بەناچاری تەلەفۆنم بۆ برادەرێکی دیکەی گۆڕان کرد و هەمان باسم لەگەڵی کردەوە و داوام لێکرد قسە لەگەڵ کاردۆ بکات کە بۆ وەڵامم ناداتەوە! دوای یەک دوو ڕۆژ و دوای قسەکردن لەگەڵ کاردۆ و سەرکردایەتی گۆڕان، برادەرەکەم وەڵامی دامەوە کە کاردۆ نایەوێت وەڵامم داتەوە و هیچ قسەیەکیشم لەگەڵ بکات. ئەو وەڵامەی کاردۆ بۆ من زۆر ناخۆش بوو، چونکە ئەگەر کاردۆ سەرەتا پێی گوتبام کە ئەو نایەوێت قسە لەو کێشەیە بکات بەلامەوە ئاسایی بوو و لێشی تورە نەدەبووم، بەڵام خۆکێشانەوەی بەمشێوەیە پەستی کردم و بە برادەرەکەمم گوت بەناوی منەوە بە کاردۆ بڵێ: (کاردۆ بەو ڕەفتارە ناشیرنەی بەرامبەر بە من خۆی زۆر بچووک کردەوە. ڕۆژێک دێت لە نووسینێکدا ئاماژە بەو کارە قێزەونەی ئەو دەدەم. ئێستاکە کاردۆ زۆر بە بچووکی و لە دواوەی کۆنە سەرۆکجاش خالیدی خولەسوور دەبینم، کە چەند گوللە (R. P. G)یەکی بۆ ئەو جاشە هەڵگرتووە و لەگەڵ وەشاندنی هەر گوللەیەک کاردۆ گوللەیەکی تر دەداتە دەست خالید).

بەڵام ئەو کارەی دادگای هەولێر و محەمەد مستەفا مەحمود هەمان ئەرکی کاردۆیە کە بۆ خالیدی خولەسووری کرد، ئەوان بۆ مامەند قەشقەی دەکەن و وەکو لەشکری ئەنفال بەدوایەوەن، کە مامەند قەشقە دەڵێت: (ئەوەی ناوی منی داوە کە خەڵکم ئەنفال کردووە دەبێ لە دادگا بیسەلمێنێ، ئەگەرنا ئەنفالی دەکەم؛ سەرچاوە: (دێرین، ژمارە (24)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (15.9.2007)، ل8. دێرین ڕۆژنامەیەکی پێشمەرگانەی گشتییە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەریدەکات). ئاخر مامەند قەشقە لەشکری دادگای هەولێر و پارتی لەپشتە بۆیە هەڕەشەی ئەنفالکردن لە خەڵک دەکات! با هەریەک لە کاردۆ، دادگای هەولێر و محەمەد مستەفا مەحمود ئەو نموونەیە بە سووکایەتی کردن بەرامبەر بەخۆیان بزانن و لە دادگادا سکاڵا لەسەر تۆمار بکەن! کورە گوێ گوێ نادەمێ با دەش بێتە سەر نۆ.

با دادگای هەولێر باش بزانێت ئەوانەی پەردەپۆشی لە تاوانەکان دەکەن یان داڵدەی تۆمەتباران و ئەنفالچییەکان دەدەن کە لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقەوە بەتاوانی بەشداری کردن لە شاڵاوی ئەنفالەکان و هەوڵی بەجینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان فەرمانی دەستگیرکردنیان دەرچووە، بەشدارن لە تاوانەکانی ئەو تۆمەتبار و ئەنفالچییانە.

ئایە دەبێت دادگای هەولێر ئەوە نەزانێت کە پشتیوانی کردن و شاردنەوەی تۆمەتباران بەتایبەتیش تۆمەتبارانی ئەنفال، سزای یاسایی لەسەرە؟ ئەگەر دادگا پێی وایە کە سەرکردایەتی کورد و بەرەی کوردستانی لە ساڵی (1991)دا لێبووردنی گشتیی بۆ تەواوی سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان و تۆمەتباران دەرکردووە، ئەوەیان وانییە چونکە لەلایەک چەندین سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان و تۆمەتباران بەدەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کوژران و بەشێکیان لە پەرتووکەکەمدا ئاماژەم پێیان کردووە، لەلایەکی تریشەوە لێبووردنەکە بۆ ناپاکی و خۆفرۆشی سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان و بەعسییە کوردەکان بوو بەر لە ڕاپەڕین، بەڵام ژمارەکی زۆر لەوانە تا ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی ژێر بەژێریان لەگەڵ ڕژێم سەدام هەر مابوو، کەچی لەبەرئەوەی ئەو جۆرە خۆفرۆشانە لە ڕێزەکانی پارتی و یەکێتی دابوون، هیچ ڕێوشوێنێکی یاساییان لەدژ نەگرتنە بەر!

## بێوەفایی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:

دادگای بەرایی پارتی لە هەولێر و دادوەری پارتی محەمەد مستەفا مەحمود کەرکوکی لە ڕێگای جارِدانێکەوە کە لە هەردوو ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (3992)، ل (14) و کوردستانی نوێ، ژمارە (5699)، ل (12)ی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (10.2.2012)دا بڵاوکراوەتەوە، داوادەکەن کە ڕۆژی (22.2.2012) لە دادگای ناوبراو ئامادەبم بەتۆمەتی ئەوەی گوایە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)، هەڵساوم بەناوزڕاندنی مامەند مەولود ساڵح (مامەند قەشقە)، بەپێچەوانەش ئەگەر ئامادەی دادگا نەبم ئەوکاتە دادبینی بەپاشملە بەڕێوە دەچێت و بڕیاری خۆی دەدات.

سەبارەت بە ڕۆژنامەی خەبات کە ئەو جارِدانەی بڵاوکردۆتەوە یەک تۆزقاڵ گلەییم نییە، چونکە خەبات ڕۆژنامەی حزبەکەی مامەند قەشقە و هەزارەها مامەند قەشقەی دیکەیە (با خەبات ئەوە بە سووکایەتیکردن بە ڕۆژنامەکە و بەناوزڕاندنی خۆی بزانێت و سکاڵام لەسەر تۆمار بکات). جا با خەبات-یش سکاڵا بکات، کورە هیچ نییە (گۆم تا قوڵتر بێت مەلەی خۆشتر دەبێت)!

بەڵام خۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خۆی بە ڕۆژنامەی شەهیدان و حزبی شەهیدان دەزانێت، کە گلەیی زۆرم لێی هەیە چونکە بەو کارەی کردیان شوورەییەکی گەورەیان بۆ خۆیان هێنا!

ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یەک زەرە ڕێز و وەفای بە تەنیا بۆ ئەو شەهیدانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوایە کە بەدەستی مامەند قەشقە و جاشەکانی شەهیدبوون ئەو جارِدانەی دادگای بەرایی هەولێری بڵاونەدەکردەوە، کە سکاڵای ئەو فەرماندە مەفرەزە خاسەیەی بەعس لەدژی من لە دادگای پارتی لە هەولێر تۆماریکردووە (با دادگای هەولێر ناوهێنانی دادگا بە دادگای پارتی لەدژی من بکەن بە مادەیەک و هەوڵی دادگاییکردنم بدەن)!

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەستەی بەڕێوەبەر و بەرپرسی لاپەڕەی ئاگادارییەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، ئەگەر ڕێز و وەفایان هەبوایە تەنیا بۆ خوێنی بەناهەق ڕژاوی شەهیدان ڕۆستەم عومەر مەولود کە مامەند قەشقە گرتوویەتی و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کردووە و دواتر لە سێدارە درا، عەبدوڵڵای مەلا قادر بەرپرسی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی (ی. ن. ک.) کە بەدەستی مامەند قەشقە و جاشەکانی شەهید بوو، دوو هاووڵاتی هەولێر کە جلی سەوزیان پۆشیبوو و بەدەستی مامەند قەشقە و کوڕەکانی و جاشەکانی لە گەڕەکی مەهاباد شەهیدکران، شەهیدان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد (عەریف ئەکرەم) فەرماندەی کەرت لە تیپی (87)ی قەرەچوغ، ساڵح عومەر محەمەد و حاتەم سەعید عومەر عەوێنەیی کە هەردووکیان پێشمەرگەی هەمان کەرت و هەمان تیپ بوون، خاسیە ساڵح ئەمین عەوێنەیی دایکی شەهید حاتەم و کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری کە مامەند قەشقە دەستی هەبووە لە شەهیدکردنیان، ئەوە هەرگیز ڕێگایان بەخۆیان نەدەدا جارنامەو ئاگادارییەکی بەعسیانە بڵاوبکەنەوە (با دادگای پارتی لە هەولێر ئەوەش بە سووکایەتی کردن بە دادگاکەی خۆی بزانێت).

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و حزبییە، نەک ڕۆژنامەی حکومی تاوەکو ناچار بکرێت هەموو ئاگادارییەکانی پەیوەند بە دادگا و وەزارەتەکان بڵاوکاتەوە، بۆیە بەئاسانی دەیتوانی کە ناوی مامەند قەشقەیان بینی بڵاوی نەکەنەوە. هەروەک ئەو کارەی کە لیژنەی دابەشکردنی ئەو (600) خانووەی گردەڕەشەی هەولێر کە بۆ بنەماڵەی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست کراوە، دوای دەرچوون و بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەم جێبەجێیان کرد. یەکێک لەو کەسانەی کە لە شەڕی ناوخۆدا کوژرابوو و لیژنەی ناوبراو بەنیازبوو خانووێک بداتە بنەماڵەکەی، بەڵام دوای ئەوەی ناوەکەی لە پەرتووکەکەمدا دەبینن و دەزانن کە پێشتر جاشێکی زڵ بووە و کەسێکی بێتاوانی شەهیدکردووە، دەستبەجێ ناوەکەی لە لیستەکەدا دەکوژێننەوە. ئەوە هەڵوێستی کوردانەی ڕاست و دروستە لەلایەن لیژنەی ناوبراو کە مایەی دەستخۆشی کردنە لە هەموو لایەکەوە، نەک ئەو کارەی کوردستانی نوێ کردی.

ئەگەر بێتوو وەکو دەڵێن ئەو کارە بەسەر (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)دا تێپەڕ بووبێت و ئاگاداری تاوانەکانی مامەند قەشقە نەبووبن، ئەوە پێویستە دوای خوێندنەوەی ئەو نووسینەم ڕوونکردنەوە بدەن و داوای لێبووردن لە شەهیدانی دەستی مامەند قەشقە بکەن، ئەگەر ئەوەش نەکەن ئەوکاتە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکی لەو جەشنە گەورەترین شەرمەزارییە بۆ ڕۆژنامەکە بەگشتیی و بەرپرسی لاپەڕەی ئاگاداری بەتایبەتی.

جا لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە پاش هەر نووسینێک هەندێک لە برادەران پێم دەڵێن زمانی نووسینت تۆزێک توندە، وەکو ئەوەی گوللەکانی دەسەڵات نەرم بێت کە بەر جەستەی خۆنیشاندەران و هاووڵاتیان دەکەون، یان وەکو ئەوەی ئەوان بە گوللەی نەرم لە سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان-یان دابێت و گوللەکانی ئەوان کەسی نەکوشتبێت و نووسینەکانی ئێمە بە هەزارەها کەسی لەوان کوشتبێت. کەسانێکی زۆر هەن گلەیی لە گوللەی دەسەڵات و گەندەڵی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئەوان ناکەن کە دەبێتە هۆکاری گیان لەدەستدانی هەزاران کەسی بێتاوان، کەچی گلەیی لە زمانی نووسینی نووسەران دەکەن! ئەو جۆرە کەسانە بیانەوێ و نەیانەوێت جێگۆڕکێیان بە گوللەی تفەنگەکانی دەسەڵاتداران و وشەکانی نووسەران کردووە، کە پێیان وایە گوللە دەربڕینێکی زبر و نووسینیش گوللەی لەناوبەری گیان و جەستەی مرۆڤەکانە.

کوردستانی نوێ

سالی بیست و یەکەم (٥٦٩٩) هەینی ٢٠١٢/٢/١٠

21th Year NO: 5699 Fri. 10/ 2 / 2012

12

**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر**

**دادگای بەرایی هەولێر/١**

**ژمارە: ٢٧٢/ب١/٢٠١٢**

جاردان

بۆ داوالێکراو (دەرسیم رحمان فرحان)

داواکار (مامند صالح مولود) داوای ژمارە (٢٧٣/ب١/٢٠١٢) ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت کەداوالێکراو هەلساوە بەناوزراندنی داواکار پەرتووکی (ئینسکلوپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردوسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان) بۆیە داوای قەرەبوو دەکات وە بڕی قەرەبووەکەش دەخەملێنێ بەبڕی پارەی (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دیناری عیراقی وە بوونی رەسمی داوا داوای بڕی (١٦٥٠٠٠) هەزار دینار دەکات، وەلەبەرئەوەی شوێنی کارکردنتان و دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر گەڕەکی خانەقا، بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێ‌ئاگەیاندنت لەڕێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٢/٢/٢٢) کات ٩ ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

**دادوەری یەکەم- محمد مصطفی محمود**

